# راگەیەنراوی کۆتایی کۆنفرانسی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان

هێز و لایەنە سیاسییەکان

دوای ئەو کێشانەی بۆ دیموکراسیخوازان دروست کراو دواتریش بووە هۆی کەرتبونی حیزبەکە ، بەلای زۆرینەی کادیرانی ئەم بزووتنەوەوە کۆنفرانسی خۆڕێکخستنەوە بۆ ئەمرۆی دیموکراسیخوازان پێویستە ، ئەوەبوو ڕۆژی 2007/10/26 بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ڕێکخستنەکانی زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان کۆنفرانس بەسترا، سەرەتای کۆنفرانس بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد , پاشان نامەیەکی مامۆستا ( بە هادین نوری )خوێنرایەوە کە وێڕای هیوای سەرکەوتنی بۆ کۆنفرانس چەند سەرنج و تێبینی و ڕەخنەیەکی ئاراستەی کۆنفرانس کردبوو .

دواتر ڕاپۆرتی سیاسی کۆنفرانس گفتوگۆی لەسەر کرا کە بەشێکی زۆری کێشەو گیرو گرفتەکانی ژیانی سیاسی و حزبایەتی ئەمرۆی کوردستانی لە خۆگرتبوو ، تاڕادەیەك کۆدەنگی هەبوو لەسەر ئەوەی کە ژیانی حزبی و سیاسی کوردستان لەم قەیرانەی ئێستای پێویستە ڕزگار بکرێت و بە پێی یاسای حزبەکان ڕێکبخرێتەوەو هەوڵی خولقاندنی هاودەرفەتی بۆ هەموو هێزە سیاسیەکان برەخسێنرێت . هەروەها کۆنفرانس جەختی لەسەر پەیوەندی دۆستانەی نێوان دیموکراسیخوازان و سەرجەم لایەنەکان کردەوە لەپێناو دروستکردنی کۆدەنگی نێوان هێزەسیاسیەکان , ئەمەیش بەئامانجی بەرپەرچدانەوەی ئەو مەترسیانەی هەڕەشە لەدەستکەوتەکانی گەلی کوردستان ئەکات . هەر لەم بوارەدا بەتوندی ڕەخنەی لەو بڕیارەی پەرلەمانی تورکیا گرت کە سنوربەزاندنی هەرێمی کوردستانی بۆلەشکری تورکیا پەسەند کرد بەبیانوی لێدانی هێزەکانی pkk . کۆنفرانس پێی وابوو ئەو هەڵوێستەی تورکیا وەك هەڵوێستی زۆر لەهێزە سیاسیەکانی تری عیراق تەنها ئامانجی نکوڵی کردنە لەمافەڕەواکانی خەڵکی کوردستان .

کۆنفرانس ئەو پەرتەوازەییەی نێوان هێزە چەپ و لیبرال و پێشکەوتنخوازەکانی بەزیان بۆپرۆسەی دیموکراسی لەکوردستان لەقەڵەمدا . بەپێویستی زانی هەرچی زووە ئەم هێزانە لەپێناو بەرەوپێشبردنی خەباتی دیموکراسیانەو , نوێنەرایەتی کردنی خەڵکانی هەژارو زەحمەتکێشی کوردستان لەچوارچێوەی بەرەو پلاتفۆرمی و نوێدا خۆی ڕێکبخات .

بڕگەیەکی تری ئەم کۆنفرانسە بڕیاری درێژەدان بوو بەکارکردن لەژێرناوی (بزوتنەوەی دیموکراسیخوازنی کوردستان ) , چونکە لەدوای کۆنگرەی دووەم کە ناوەکەی گۆڕی بۆحیزبی دیموکراسیخوازان و وەزارەتی ناوخۆی لێ ئاگادارکردەوە , بەم ناوەوە فەرمانی وەزاری لەئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆدەرنەچوو , لەهەمان کاتیشدا بۆخۆدورگرتن لەهەندێك کێشەی لاوەکی زۆرینەی بەشدارانی کۆنفرانس بەباشی زانی بۆلەمەولا بەناوی بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانەوە درێژە بەکارەکانی خۆی بدات .

لە کۆتایدا بەئامادە بونی دادوەر و لەپرۆسەیەکی دیموکراسیانەدا کۆنفرانس دەستەیەکی تازەی بۆ سەرکردایەتی هەڵبژارد . یەکەم کۆبونەوەی سەرکردایەتی بریاری دا هاوڕێ ( حاجی مەلا سەعید ) بەسکرتێری بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان هەڵبژێرێت لەگەڵ جێگری سکرتێر و مەکتەبی سیاسی نوێدا .

**کۆمیتەی سەکردایەتی**

**بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان**

2007/10/26